چەند وێنەیەکی دوێنێی مێژوو

# ئاوارەکانی دامەن  چیاکانی ئەودیو




ئاسۆ بیارەیی

نووسینەوەی ٢٠١٤

## لەباتی پێشەکی
## بەرکوڵیک لە یادەوەرییەکانی پێشمەرگەیەک

لێرەوە بۆ ئێمە خەمێکی دی ترسناک، چاوەڕیی هەمووانی دەکرد. خەمێکی دی کە کۆتاییەکی تاڵی فلیمە ترسناکەکانی ئەنفال بوون... برینی هەواڵی کەسوکاری ژەهراویمان بزانین. زەبرێکی دەروونی کە تا ئەمڕۆ نەک تەنها ئێمە بەڵکو سەدەهای دی پێوەی دەتلێنەوە. ئەوەی کە لای من و زۆر لە هاوڕێیان مەحاڵ بوو بروای پێ بکەین ئەو لێبورندنە بوو کە ڕژێم دابووی بە خەڵک. سەیر بوو، هێشتا دوای ئەو کوشت و ئەنفال و خاک سوتاندنە زۆربەی خەڵک، کاتێ کەلوپەلیان بۆ گەڕانەوە دەپێچایەوە، دەتگوت بۆ شایی دەچنەوە. ئەو وێنەیەم بەوە دەهاتە بەرچاو کاتێ شێرێک یاری بە نێچیرەکەی دەکات و بۆ وازی کردن هەندێ جار بەرەڵای دەکا، بەڵام نێچیرەکە دووبارە دەچێتەوە بۆ لای. ئەوە گەورەترین کارەسات بوو.

## کۆتایی مانگی نۆی ١٩٨٨

**ئاوارە نە هەوار نیشنە و نە خاوەن ماڵ..جارێک لە گەنگاوە دەواری هەڵداوە، کەرەتێک لە کامیران، جوانڕۆ، هەزارخانی، سەحنە، سەنگور و دواتر سەلاسی مەنزڵگەی باوەجانییە . ئیدی ئەو دەشت دەرانە ، بوو بوون بە ماڵی نوێی هەڵەبجەیەکان و خەڵکی هەڵهاتووی ئەنفالی گەرمیان و قەرەداغ تاکو بادینان.**

**<u>ئۆردۆگای سەریاس</u>**

لەبناری کێوی شاهۆی هەورامان، زنوێرێکی سەر نەخشە کە ناوی زاگرۆسە.. سەریاس، هاوێنە هەوارێکی خەڵکی ناوچە و ئێستەش پڕ لە ئەستێرە هیوا و هەندێ جاریش ئەوینی گەرانەوە. تا چاو بر دەکات قەتارەی چادری ئاوارە ملی کێشاوە بۆ دامێنی کانیە سازگارەکەی ئامێزی کۆی کۆساران، کانییەک کە دڵی بەفراوە و تنوک تنۆک دەبێتە مەرهەمی شکاندنی تینویەتی سەدەها کەسی بێ نیشتیمان و هەزاران رێبوار..

لە قەراغ ئوردوگا ، چادرێکی قوت و گەورە، سەوز وەک پشتوێنی سوفییەکی تازە هەڵکەوتوو، کراوەتە مزگەوت، مەلا و ڕیشپانی نوێ، هەندێکیان بەعسی و ئەنفالچی جاران، تاقمێکیش گوێگری ئاخوندەکانی وڵاتی شیعە: ئەوەی نوێژ نەکا، لە پشت ئەو کۆلکانەوە، ئەوەی دوعا نەکا، دەچێتە دۆزەخ، ئای لەو کافرانە، خەڵکینە: قێزیان لێ بکەنەوە، بەردەبارانیان بکەن، تفیان لێ بکەن..دەریان بکەن، ئێرە ولاتی ئیسلامە جێگەی ئەوان نیە! دەها جار ئەو هەرەشە گوڕەشانە دووبارە دەبوونەوە..

شەڕی خێوەتگەکان

نیوەڕۆیەکی فێنکە، شوێن دیسان ئوردی سەریاسە، مەلایەک هاوار دەکا، کافرەکان، وەرنەوە سەر رێگە سەرەکییەکان، تولەڕێگەکان بەردن!. پیرێکی کەم بەگژیدا دەچنەوە، دەبێتە شەرە بەرد، شەرەژن و دواتریش زۆرانی دوو هێز، یەکێکیان خۆی بە سەحابەکانی

شەڕی ئوحد ناگۆڕیتەوە، تەنها شمشێرەکانیان کەمە. هێزێکی دی بەرگری لە خۆیان دەکەن و بەعسییەک، سەرو گوێلاکی دەشکێ...

زستانی ۱۹۸۹
هەمان شوێن. ئوردوگای سەریاس

رۆژێکی دی، شەختەی سەرمایە، زستان خێوەتی ئاوارەکانی خستوەتە ناو یەخچاڵێکی پڕ بەفر. هەندێ ژن لەبەر ئەو سەرمایە جل دەشۆن ..هەندێ زارۆش خلیسکێنە دەکەن و وەک چۆلەکەی بەر پاساران هاوار و زیقەیانە. مەلایەکی ئوردو، کۆنە سەددامییەک هاوار دەکا: وەڵا گوناهە ئەوەی کچی لەماڵدا هەبێ نەیدا بەشوو، فەرمودەی پێغەمبەرە! ئیوەی هەڵەبجەیی، تازە گەرانەوەتان مەحاڵە، با کیژەکانتان مێردان بکەن، لەوە باشتر نابێ! ..هەلەبجە پتر لە شەست ،مزگەوتی تیابوو.

لەدوای ئەو فەتوایە. ئیدی هەر سەحابەی وەهابییەو کچە هەڵەبجەیی و بادینی و گەرمیانی لە ئوردو دەماشێتەوە، مارەییەکانیان لە بیسمیلای ئەو کولکە مەلا بەعسیە دێرینانە تێپەڕناکا،،،

بەیانییەکی دی..

لەبەردەم سەرپەرستی(پرسگە) ئۆردوگا. پاسدارەکان دوو گەنجیان لەسەر دزی باڵبەست کردوە، شیشی فافۆنی*(ڕوحە کۆنە)* یان وەلاناوە، دەیانەوێ بۆ دەرەوەی ئۆردوگا ببەن. عوسمان ناوێکیش، کە لە ئاشبەتالەوە مازیندەران ماڵی بوو: ئافەرین جمهوری

ئیسلامی بۆ وورياێت، قوربانی ريشەکەی ئيمام الزمان بم، ئەو )عوسمان)ەشم دواتر ساڵی ١٩٩٣ لە شاری سلێمانی بينيوە..

<u>نێوەرۆیەکی بەهاری ١٩٩٠</u>
<u>ئوردوگای ئەنساری جوانرود</u>

لەسەر تەپۆڵکەیەکی نيزیک ئۆردوگا ، کابرایەکی ورگن، کۆنە فورسانێکی گوندی (کلاش)يش، يەکێکی دی کۆکۆی و دوانی ديش هەورامی گرديان بەستووەوە چەنە دەدەن: خوزگە ئەم شيوعی و مويعيە، يەکێيەتی و پارتی و ماتيە، تەفرو تونا دەبوون، بريا چارەيان دەسڕايەوە، ئەگەر ئێران بيهڵێ وەک ئەسپی سەريان پانيان دەکەينەوە.! هەندێ جاريش شانازی بە سەددام و پولەکەيەوە دەکەن، بەخوا پارەدان وسەخاوەت هەر لە خۆی دەهات، ئەی وەک ئەم ئێرانيانە! گو ناکەن تا برسييان نەبێ..!

ئەوان نازانن مەفرەزەیەکی شيوعی بە ووردی گوێيان لێ دەگرێ. بۆ رۆژی دوايی کە ئەوە دەبيستنەوە، زۆربەيان بەژيوان دەبنەوە.

ئێوارەیەکی دی

هەر لەوێ، حاجی ئەحمەدێکی دوکاندار، هێندەی ژمارەی ئەو مشکانەی کە تەراتێنيان بەسەر ئەو خواردنانەدا دەکرد، کە دەيفرۆشتە ئاوارەکان، قسەی بێ مانای دەگرتە ئەوانەی لەبەردەم دوکانەکەی دانيشتبوون و ريمنای چەند گەنجێکی دەکرد: کورەکانم

کاسپی بۆ ناکەن، ئەو دانیشتن و سیاسەتە سوودی قەرانێکی نیە.؟حەیدەرە رەش دێتە وەڵام: حاجی لە برساندا بمرم داوای نانێ لە تۆ نا کەم. ئۆستا محەمەدێک، حاجی من هەمیشە سەرمامە دۆزەخم پێ باشترە...حاجی تورە دەبێ، بڕون بەردەم دوکانەکەم گڵاو مەکەن! گەنجێکی دی: یەکێک نەزانێ پێی وایە حاجی خاوەنی شەقامی *وەلی عەسرە.

بوونم بە ئەندامی لانەوازن

چونکە خودا غەزەبی لێگرت، ئوخەیش مینێک پێیەکی پەڕان، ئەو کۆمۆنیستە پەراوێز بکەن، لەعەنەتی خۆای لێبکەن! تەنانەت خوشکەکەیشیان هەڵنابوو، کەهاتووچۆی نەکا. ئەوەی ئەوان ناویان نابوو بێ دین، لەوان مرۆڤپەروەرتر بوو، ئەو پێیەی بۆ ڕزگارکردنی هاوڕێکانی لە شارەزوو، دوای وەستانی شەڕی ئێراق-ئێران دانابوو. پتر لە سی کەسی دەبوون کە ئەو چوبوو چاوساغیان بۆ بکا،،

م.مەحمود دوای ئەوەی دایک و برایەکی ئەنفال دەکرێن، هەرچەندە بریندار دەبێ، بەڵام بەتەنیا لەو ئوردگا ئەنسارى جوانرۆ دەمێنێتەوە. بەهاری ١٩٨٩ بوو، شوێنم نەبوو، م مەحمود وتی: بۆ ناوەکەت ناخەیتە سەر من؟

لەبەردەم سەرۆکی ئۆردۆگا وەستاوم، ناوی سلێمان نەژادە، خەڵکی قەزوێنە، کابرایەکی ڕەقەڵە و لە ڕستەیەک چەند جارێک یا عەلییەک

دەڵێ. وتی: ئاغا ئارام، بەڕاستتە دەتەوێ بارکەیت بۆ لای مەحمود؟ وتم بە دڵنیاییەوە ئاغا! وتی (او کۆمۆنیست هست و بده شایت نمیشه..) ئەو کۆمۆنیستە و بەدە و ڕەنگە رازی نەبم...منیش هیچ خۆم تێک نەدا و وتم: ئاغا هەولدەدەم بیکەمەوە بە موسڵمان. ئاغا نەژاد بروایکرد و باراک اللەی لێکردم و رازی بوو..

نەریتێکی سەیر بوو، هەرچی زگوردی و تەنیا بوایە، پاشناوی لانەوازیان پیوە دەنا. منیش ئەو نازناوەم لای م. مەحمود وەرگرت.

لە لانەوازاندا گاڵتە و گپ و زۆرجاریش جێگەی خوێندنەوە و باسی سیاسی و خەباتی کۆمەلایەتی دەکرا. ئێمە بەپێچەوانەی ئیسلامییەکانەوە. هەوڵمان دەدا، خەڵک هوشیار بکەینەوە و هەندێ جاریش دوو قسەی خێرمان دەکرد، ئەگەر کوڕێ بیویستایە ژنی بهێنێ.

ماڵی پورم، سنوبەر، بەرامبەر لانەوازن بوو، خوا هەلناگرێ، لە هاوکاری و ماست و دۆ و خواردنی خۆش بێ دڵییان نەدەکردین، (لوقمان)ی پورزام کە پێشتر حەزی لە خوێندنەوەی نەبوو، لە لانەوازان تووش بوو..

ژمارە ئەندامەکانی لانەوازان پیوەندی بە باری کۆمەلایەتییەوە بوو. هەر کە ئەندامێکمان هاوسەرگیری بکردایە ئیدی شەرەفی ئەندامیەتیمان لێ دەسەندەوە. وەک ئەندام ئاراس شا، حەمە، لوقمان، بەندە(بەشیوەی کاتی) و..مان هەبوو..

شەوی وا هەبوو تا بەیانی گاڵتەو نوکتەمان دەکرد..هێندەی سادەیی بیری منداڵێک ژیانمان سادە بوو، بەڵام بەختەوەر بووین..

<u>ئوردوگای هەزارخانی ٢٣-٩- ١٩٨٨:-</u>

ئوردوگای هەزارخانی دەکەوێتە ئەوبەری گوندی (دوو ڕوو. گوندی شێخ عوسمانی بیارە) لە ناوچەی هەورامان سەر بە شارەوانی سەوڵاوایە، دەکەوێتە چەند کیلۆمەترێک لەدەرەوەی شاری مەریوان، شوێنێک کە هەر چەندە پایز بوو، بەڵام دەتوت بەهەشتە و یەزدان بە دیاری داویەتە کوردان، ئەوە پەندی زۆربەی خەڵکی ناوچەکە بوو. لە بەشی لە کێژی جوانیشا، پشکی شێریان هەبوو..

ماڵی پورە نەسرەت کاک وەهاب گوڵپی

زۆر بەپەرۆش بووم  کە هەواڵی مالی کاک وەهاب و پورە نەسرەت بزانم، دوای بۆردومانی کیمیاوی.. ئەو خێزانە خەباتگێرە  لە شارەزور ماڵەکەیان کردبووە لانەی پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان. پێش ئەنفالی هەلەبجە، ماڵی پورە نەسرەت لە ئۆردوگای زۆرە ملێی خورماڵ بوو. یەکەم جار کە بیرۆکەی شاخ کەوتە سەرم،  ئەو چاوساغی من و دایکمی کرد، کە من لە ڕێگەی ئەحمەئاواوە ڕۆژی چواری دوانزەی ١٩٨٤ بەیەکجار بوومە پێشمەرگە..تا بناری شاخ بەجێمانی نەهێشت..

نە چادرێک و نەدوان و دە و سەد، پتر لە کاتژمێرێک گەرام، ئەوسا ماڵی پورە نەسرەتم دۆزییەوە، هەروەک جاران ڕوییەکی  خۆش

دۆییەکی خەست..خۆشبەختانە پورە (سەلما)شم دۆزییەوە، کە دوو کوڕێکی پێشمەرگەی هەبوو، خەلیل،،

لە نێو چادرەکاندا، هەندێ گەنج دڵداری دەکەن، چەند چادرێک کراوەتەوە بازار. دوو ماڵ لەسەر ئەوە کێشەیانە، کە یەکێکیان دەیەوی خۆی ڕادەستی حکومەتی بەعس بکات، ئەوی دییان دەڵێ: لێرە کچەکەمان دەدەین بەشوو، بە تەمای مەبەن.

ژیانی ئوردوگاکان، زۆربەی هەمان دووبارەوە بوونەوە بوو، پیاسەی ناو چادرەکان، پێنج رەکات نوێژی بەپەلە بۆ زۆربە، ئاوهێنانی ژنان و کچان، نەڕە نەڕی نێوان خەڵکی ناو هەندێ لە چایخانە و هەندێ لە پێنج شەممەکانیش شایی ئیسلامیی لەسەر شێوازی وەهابی*..

حوسینیە یان بەزمی چەپڵەی هەورامی؟

گۆرانیبێژێکی هەجیجی، بەزمێکی خۆشی دەستپێکردوە و کۆمەڵێک گەنج چەپلەی بۆ لێدەدەن، چەند پاسدارێک پەیدا دەبن، هەندێکی تورە، سەرهەنگەکەیان دەڵێ وازیان لێبێنە، خۆ ئەوە لە شینی حوسێن دەچێ، ئیدی هێندەی دی کاکی هەجیجی بەزمی چڕین گەرم دەکا و چەند لاوێکی دەنگخۆش، بۆی دەسەننەوە..باش بوو ئەو ڕۆژە حوسەین کەوتە فریای ئەو بەشەی خەڵکی هەڵەبجەوە لەسەر گۆرانی چرین کەس سزا نەدرا.

<u>ئەزمونێک</u>

ژیانی ئوردوگا، ئەزمونێکی کۆمەڵایەتی سیاسی بوو، لە نیزیکەوە چین و توێژەکانمان ناسی، خوێندنەوەیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی کوردی بوو، زۆرانی نێوان هوشیاری و پاشکەوتنمان بۆ دەرکەوت، تەرازووی هێزەکانمان ناسی. لە نیزیکەوە پەیمان بە کەسایەتی و هێزی نیشتمانپەروەر برد. ئاشنای هەندێ ئەوانەش بووین کە وڵاتفرۆشی پیشەیان بوو.

لە هەمووی گرنگتر، باری گرانی ژنانی کوردمان بۆ دەرکەوت، کە بەدوای تانکەری ئاوەوە ڕایان دەکرد، بۆ ئەوەی ئاو بۆ خواردن و خۆشتن و جل و بەرگی پیاوان و منداڵەکانیان مسۆگەر بکەن. لێ کۆماری ئیسلامی و ئاخوندە نوێیەکانی ناو ئوردوگا، کولکە مەلاکان، بەعسییە ئیسلامییەکان کردبویان بەشەرم ئەگەر پیاوان ئەو جۆرە کارانە بکەن. بەهۆی ئەو بارە گرانەوە، هەندێ لە دووگیانەکان منداڵیان لە بار دەچوو.

ئاوارەکان زۆربەیان دەستکورت و گەدا بوون، هەندێکیان هێجگار، تەنانەت پەتویان دەدوری و لەسەرمای زستان خۆیان دەپاراست. لە شوێنێکی وەک شاری پاوەدا، کەمیان نەبێ ئەوانی دییان تەنانە بۆیان نەبوو کاسپی بکەن. دەزگای سیخوری ئیتلاعات، ئەوەی بەهەل دەزانی کە هەندێکیان لێ بکرێ. هەرواش بوو، تاقمێک مشەخوریان لە ئاوارەکان، دژی ئەوانی دی پێکهێنابوو...کێشەشیان دروست دەکرد

سەرچاوە:

* ئەو وێنەیە لە دیوی کاک شاهۆ لە فەیسبوک وەگیراوە

* ئێرانیەکان بە فافۆنیان دەوت ڕوح. زۆر بەنرخ بوو

* شەقامی وەلی عەسری تاران

* وهابییەکانی ئوردوگا کە ژنیان مارە دەکرد، کەس نەیدەبینی و بەچەشیان بێ دەبەست و هاتوچوی زۆر ماڵانیشیان دەبری..

تێبینی:

ئەمە تەنها چەند سەرەخامەیەکی یادەوەرییەکانمە، هی ئەو کاتەی کە جار جار سەردانی ئۆردوگای ئاوارەکانی هەڵەبجە و گەرمیان و شارباژێر و قەرەداغم دەکرد...بەداخەوە نووسینەکان هەندێ کاڵبوونەتەوە، بەلام لەبەر فەوتان ناچار دووبارە، کەوتوومەتەوە نوژەننوسینەوەیان..